# ڕێبەری ڕێنمایی بۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی

# بۆ باشتر جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی نەوجەوانان لە عیراق

**2018**

[DOCUMENT SUBTITLE]

HUSAIN SHOLI

**ڕێبەری تایبەت بە دادوەری نەوجەوانان لە عێراق دا**
**بۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی**

## پێشەکی

ئامانج لەم ڕێبەرە بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ڕێنوێنی پراکتیکی بە بەڕێزان دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی کە لە بواری دادوەری نەوجەوانان لە عێراق دا کاردەکەن. ئەوەش بە مەبەستی زامنی جێبەجێ کردنی دروستی یاسا و ڕێسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکان و ڕێزگرتن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی منداڵان و نەوجەوانانەوە لە لایەکی ترەوە، بە تایبەتی پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەوجەوان و فراوانکردنی چوارچێوەی جێبەجێ کردنی جێگرەوەکانی سزادان؛هەتا بتوانرێت . بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە دادوەران دەتوانن بە پێی ئەو دەسەڵاتی پێهەڵسەنگاندنەی (السلطة التقديرية)ی کە پێیان بەخشراوە ، کە ڕێگەدەدات بۆ جێبەجێ کردنی چوارچێوەی دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوش و بارودۆخی تایبەتی هەر کەیسێک لە کەیسەکانی نەوجەوانان.

ڕێنمایی و ڕێنوێنییەکانی ئەم ڕێبەرە دەبێت شان بە شانی دەقە یاساییە جیاوازەکانی یاسا نیشتمانییەکان بخوێندرێنەوە، بە تایبەتی یاسای چاودێری ی نەوجەوانانی ژمارە ٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣، و یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (یاسای ڕێکارە سزاییەکان)ی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١، و یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، ویاسای داواکاری گشتی ژمارە هەروەها ماددە دەستورییەکانی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوەی تایبەت بەو بوارە.

ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ڕێگەی دامەزراوە تایبەتەکانی خۆیەوە، بە تایبەتی دەستەی چاودێری دادوەری ، چاودێری چۆنێتی جێبەجێ کردنی سەرجەم ئەم ڕینمایی و ڕێکارانە دەکات ئەویش بە مەبەستی زامنکردنی بەرەوپێشچوونێکی گشتگیری ڕەوشی دادوەری نەوجەوانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا.

ئەم ڕێکار و ڕێنماییانە چەندین بواری جیاجیا لە خۆ دەگرن کە پێویستی دەکات دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتیی کە لە دادوەری نەوجەوانان دا کار دەکەن زۆر بە ئاگایی و

وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بە تایبەتی کاتێک لە بارودۆخێک دا دەبن کە لە لایەکەوە پێویست دەکات ڕەچاوی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گشتی بکەن و لە لاکەی ترەوە ڕێز لە مافەکانی نەوجەوانان بگرن و بارودۆخ و ڕەوشە تایبەتەکانیان لەبەرچاو بگرن. زۆر جار ئەم دژیەکی و ناچوونییەکیە لە کەیسی ئەو نەوجەوانانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە تۆمەتبار دەکرێن بە تاوانی مەترسیداری وەک تاوانی تیرۆر و دەستدرێژی سێکسی و بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر و جۆری تری تاوانی مەترسیداری سنوور بەزێن .

# پێرستی ناوەرۆک

پێشەکی........................................................................ 2
یەکەم، بنەما گشتییەکان........................................................................ 5
دووەم، ڕۆڵی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی لە سەروبەندی دەست بەسەرکردنی نەوجەوانان لەلایەن ئەفسەرانی پۆلیس و هێشتنەوە و ڕاگرتنیان لە خانەکانی تێبینی و بنکەکانی دەستبەسەرداگرتن دا:........................................................................ 8
١-ڕۆڵی دادوەران:........................................................................ 8
٢- ڕۆڵی داواکاری گشتی: ........................................................................ 11
سێهەم، ڕۆڵی دادوەرانی لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان لە کاتی مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دۆسێی نەوجەوانان دا. ................ 12
١-دڵنیابوون لە بنەماکانی بەرپرسیارێتی سزایی(المسؤولية الجزائية) و(ڕێکارەکانی تایبەت بە مەودای جوڵاندن و بەرزکردنەوەی داوای یاسایی _ أحكام التقادم) هەروەها ( تایبەتمەندی پیشەیی_ الاختصاص الوظيفي: ........................ 13
٢- پشکنین و وردبینی لە کەیسەکانی ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن ........................................................................ 14
٣- ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی نەوجەوان لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەدا........................................................................ 16
٤- ڕێکارەکانی ڕاگرتنی نەوجەوانان........................................................................ 17
٥- پاراستنی نهێنی و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی - الحفاظ على السرية والخصوصية........................................................................ 19
٦- نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی - مكتب دراسة الشخصية........................................................................ 19
چوارەم:ڕۆڵی داواکاری گشتی لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە دەگیرێتەبەر لە بەرامبەر نەوجەوانان:........................................................................ 21
پێنجەم، ئەو پێوەر و ڕێکارانەی کە دەبێت ڕەچاوبکرێن لە کاتی تۆمەتبارکردنی نەوجەوانان بە ئەنجامدانی تاوانی مەترسیدار. . 21
- 1 زامنکاریە پەیوەندیدارەکان بە دۆسێی کەیسی ڕەوانەکراو بۆ دادگای تایبەتمەند (محكمة الموضوع)........................ 22
2 -گریمانە پەیوەندیدارەکان بە لێکۆڵینەوەی دادوەری و و دادگاییکردنی نەوجەوانی تۆمەتبار ........................................ 23
شەشەم، ڕۆڵی دادوەرانی دادگای نەوجەوانان لە قۆناغی دادگاییکردن دا. ........................................................................ 25
حەوتەم: ڕۆڵی داواکاری گشتی لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا:........................................................................ 26
کۆتایی: ........................................................................ 27

## یەکەم، بنەما گشتییەکان

**پێویستە سەرجەم ئەو کەسایەتییانەی لە دادوەری نەوجەوانان دا کاردەکەن، بە تایبەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی، بنەما سەرەکییە گشتییەکانی تایبەت بە دادوەری نەوجەوانان لەبەرچاو بگرن ، وەک ئەو شێوەیەی لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:**

- پێویستە لەسەر دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان رەچاوی ئەرکەکانی خۆیان بکەن لە دەستنیشانکردنی پێشوەخت بۆ نەوجەوانانی لادەر و هاریکاریکردن لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارە فەرمی و نافەرمیەکان بۆ ئەم مەبەستە هەروەها سازدانی کۆبوونەوەی هاوبەش و هەولدان بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی پێویست بۆ رێگریکردن لە کردەوەی تاوانکاری.
- پێویستە لەسەر ئەندامانی داواکاری گشتی و ئەفسەرانی پۆلیسی نەوجەوانان لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەوجەوانان دا رەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەوجەوانان بکەن، پێویست دەکات هەمیشە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە دادوەری نەوجەوانان لەسەر بنەمای سزادان و بەرپەرچدانەوە بونیاد نەنراوە، لەسەر ئاستی گشتی بێت یاخود تایبەتی. بەڵکو، ئامانجی دادوەری نەوجەوانان بریتییە لە پاراستنی نەوجەوانان لە خراپ مامەڵەکردن و ڕێگرتن لە ئازاردانی جەستەیی و دەروونییان و هەروەها پاراستنیان لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن دا، هەربۆیە پێویستە هەمیشە لە هەوڵی گەران و بەدواداچووندا بن بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی(تدبیر) گونجاو بۆ دووبارە ڕاهێنانەوە و گەڕاندنەوەی نەوجەوانان بۆ کۆمەڵگە.

- پێویستە سەرجەم ئەوانەی لە دادوەری نەوجەوانان‌دا کاردەکەن، بە تایبەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی مامەڵەی تاوانبار لەگەڵ نەوجەوانان‌دا نەکەن، بەڵکو بەدوای ئەو هۆکارە تایبەتی (دەروونی و جەستەیی) و کۆمەڵایەتییانەدا بگەڕێن کە هاندەر بوون لە ئەنجامدانی کردەوە تاوانکارییەکانیان دا. هەربۆیە دەبێت وا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت کە ئەوان نەوجەوانی لادەرن؛ لە ڕێگای ڕاست ودروست لایان داوە وبە هیچ جۆرێک ئاگاداری سروشت و قورسایی ئەو کردەوە(تاوانکاریی) یانە نین کە ئەنجامیان داوە و هەروەها بێئاگان لەوەی ڕووبەڕووی چ سزایەک دەبنەوە.هەتا ئەو دیدەیان لەلا ناچەسپێت کە لەگەڵ تاوانبارانی گەورەی کۆمەڵگەدا پۆلێن دەکرێن.

- پێویستە لەسەر سەرجەم ئەوانەی لە دادوەری نەوجەوانانداکار دەکەن ڕێز لە مافە دەستوورییە تایبەتەکانی منداڵان و نەوجەوانان بگرن کە لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا ئاماژەیان پێدراوە، بە تایبەتی بنەماکانی جیاکاری و جیاوازی نەکردن بەپێی نەژاد و نەتەوە و ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و نیشتمان (شوێنی لەدایک بوون) و دین و بیروڕای سیاسیی.

- پێویستە لەسەر سەرجەم ئەوانەی لە دادوەری نەوجەوانانداکار دەکەن ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ( مافەکانی منداڵان و نەوجەوانان) بگرن. بە تایبەتی ئەو مافانەی کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ ، و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەددەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦، ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی ١٩٨٩ کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پەسەندکراوە. هەروەها پێویستە هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنە گەڕ بە مەبەستی زامن کردنی هەماهەنگی و ڕێکەوتن لەگەڵ پێوەر و ڕێسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تری پەیوەست بە نەوجەوانان ، بە تایبەت بنەما نمونەییەکانی لانیکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دادوەری نەوجەوانان (ڕێکارەکانی پەکین) ی ساڵی ١٩٨٤.

- جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ڕێزگرتنی پارێزەران لەلایەن ئەوانەی لە دادوەری نەوجەوانان دا کاردەکەن و تێگەییشتن لە ڕۆڵیان لە چەسپاندنی دادپەروەری دا، بەوپێیەی ئەوان وێنای دادگای راوەستاو(القضاء الواقف) دەکەن و بەشێکی گرنگن لە پرۆسەی داوا یاساییەکان. هەروەها جەخت کردنەوە لە توانایان لە نوێنەرایەتی کردنی دۆسیەی نەوجەوانان لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی داوای یاسایی دا. ئەوە بێجگە لە گرنگیدان بەو دەفعانەی دەیانخاتە ڕوو، هەروەها بەهەند وەرگرتنی ئەو داواکاریانەی پێشکەشی دەکات لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی کەیسی نەوجەواناندا .

- دەزگاکانی پۆلیسی نەوجەوانان تاکە لایەنی پەیوەندیدارن بە دیاریکراوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم کەیسەکانی نەوجەوانان. بەپێی ماددەکانی ٢٢/هـ ،٢٣، ٤٨ ی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣، هەربۆیە:

پێویستە لەسەر سەرجەم لایەنەکانی هێزی جێبەجێکردن و سەرجەم کارمەندانی دەزگاکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش لەو کەیسانەدا کە ڕێگەدراوە بە دەستگیر کردنی نەوجەوان بەبێ بوونی هیچ بڕیارێکی یاسایی دەسەڵاتی تایبەتمەند وەك بەندەکانی (١٠٢ و ١٠٣ ) لە یاسای

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

بنەماکانی دادگایی سزایی  خۆیان بەدوور بگرن لە ئەنجامدانی مامەڵەکردنی خراپ و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی نەوجەوانان، پێویستە ئاگادار بکرێتەوە لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی هەروەها ڕاستەوخۆ ئامادەبکرێت لە بەردەم پۆلیسی نەوجەوانان یان دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان.

- سەرجەم دەزگاکانی پۆلیسی نەوجەوانان لەژێر چاودێری دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتیدا دەبن، کە پێویستە لەسەریان هەڵبستن بە ئەنجامدانی:

- ڕێکخستنی سەردانی مەیدانی بۆ خانەکانی ڕاگرتنی نەوجەوانان و چاکسازیەکان بە مەبەستی چاودێری کردنی ئەو بنکانەی دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتیی جوگرافییانەوە، لە ناویاندا:
- دڵنیابوون لە دروست بەڕێوەچوونی ڕێکارە یاساییە پەیرەوکراوەکان لەمیانەی پرۆسەی ڕاگرتنی نەوجەوانان و چاودێریکردنی بارودۆخی تەندروستی و خۆراکیان.
- جەختکردنەوە لە نەهێشتنەوەی نەوجەوان بە دەست بەسەرکراوی زیاد لە ماوەی یاسایی ڕێگەپێدراو،
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەو سەردانانە.
- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی، دەکرێت داوا لەو لایەن و دەزگایانە بکەن کە کاریان بۆ دەکەن هەتا پێداچوونەوە بە کار و فەرمانی ئەو کارمەندانەدا بکەن کە سەرپێچیی ئەنجامدەدەن لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیاندا و ڕووبەڕووی دادگایی کردنی ئینزیباتیان بکەنەوە، ئەم جۆرە لێپێچینەوەیەش نابێتە ڕێگر لەبەردەم لە دادگاییکردنیان لەبەردەم دادگای سزایی  ئەگەر ئەوەی ئەنجامیان داوە تاوانی دروست کرد .
- پێویستە لەسەر دەزگاکانی پۆلیسی نەوجەوانان تیانوسی تایبەت ئامادە بکەن بە وەرگرتنی سەرجەم سکاڵا و هەواڵپێدان (الشكاوى و الاخبارات) و ڕاستەوخۆ ڕەوانەیان بکەن بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان. نابێت هیچ بڕیار و ڕووبەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ نەوجەوان ئەنجامبدرێت هەتا بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان لەو بارەیەوە دەرنەچێت.  ئەمە جگە لەو حاڵەتانەی لە مادەی ٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (یاسای ڕێکارە سزاییەکان) ئاماژەی پێداوە .

- نابێت بە هیچ جۆرێک ئامرازی نایاسایی و ڕێپێنەدراو بەکاربهێندرێت بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی تۆمەتبار، هەر دانپێدانانێک کە بە ڕێگای نایاسایی وەرگیرابێت، پشتی

پێنابەسترێت و لە دادگاییکردن و دەرکردنی بڕیاردا بە ببێبنەما و پووچەڵ لە قەڵەم دەدرێت.

- پەیڕەوکردنی ئامرازی نایاسایی و خراپ مامەڵەکردن لە نمونەی ئەو سەرپێچیانەن کە بە دەرچوون لە سنووری کاری وەزیفی دادەنرێت . دەبێت بە پێی ماددەکانی ٣٣٢ و ٣٣٣ ی یاسای سزادان، بەپێی حاڵەتەکان، ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ی یاسایی بکرێنەوە. ئەگەر بڕیاری دادگا بە تاوانبارکردن دژی فەرمانبەرێک دەربچێت و پلەی کۆتایی وەرگرتبێت ئەوا دەبێت ئەو فەرمانبەرە لە کارەکەی لە دەزگای پۆلیسی نەوجەوانان دووربخرێتەوە.
- پێویستە لەسەر سەرجەم کارمەندانی چاکسازیەکانی نەوجەوانان تەواوی هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ پەرەپێدان بە تواناکانیان و زیادکردنی زانیاریەکانیان لەبواری دادوەری نەوجەوانان بەتایبەت:

١- چاوخشاندنەوە بە سەرجەم یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکان کە پەیوەندیدارن بە بواری نەوجەوانانەوە.
٢-ئاگاداربوون لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە.
٣-بەشداریکردن لەو چالاکیانەی لەبەردەستدان لەبواری ڕاهێنان و خۆ ڕۆشنبیرکردن.

**دووەم، ڕۆڵی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی لە سەروبەندی دەست بەسەرکردنی نەوجەوانان لەلایەن ئەفسەرانی پۆلیس و هێشتنەوە و ڕاگرتنیان لە خانەکانی تێبینی و بنکەکانی دەستبەسەرداگرتن دا:**

**١-ڕۆڵی دادوەران:**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، پۆلیسی نەوجەوانان لایەنی سەرەکی ڕێگەپێدراون بە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسێی نەوجەواناندا، هەربۆیە، دادەنرێن بە لایەنی تایبەتمەند بە وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەو سکاڵا یاساییانەی کە تایبەتن بەو کردەوە تاوانکاریانەی نەوجەوانان ئەنجامی دەدەن.
هەروەها پۆلیسی نەوجەوانان لەژێر چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی دا هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە دۆسێکانی نەوجەوانان دا.

پۆلیسی نەوجەوان نابێت بە هیچ جۆرێک ئەو ڕێگایانە بگرێتەبەر کە دەبنە هۆی پێشیلکاری بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس: بۆ نمونە دەست بەسەرکردن، هێشتنەوە لە گرتووخانەدا، پشکنین و جۆری تر... بە تایبەتی لە کاتێکدا کە تاوانەکان تاوانی بینراو (جرائم مشهودة) نەبن و بڕیاری دەست بەسەرکردنی نەوجەوانەکە لەلایەن دادوەری تایبەتمەندی لێکۆڵینەوەوە دەرنەکرابن. لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێت بە زووترین کات دۆسییەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە بخرێتە بەردەمی دادوەری تایبەتمەند و ئەو بڕیار و ئامادەکارییە هەنووکەییانەی ئەنجامدراون پیشانی دادوەر بدرێن. شایەنی باسە دەبێت بە پێی ماددەی ٤٩/آ لە یاسای چاودێری نەوجەوانان، (پیشەگەریی) تایبەتمەندێتی کار و لێپرسراوێتییەکان ڕەچاوبکرێت، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە نەوجەوانانیان تێدا نییە.

کار و بەرپرسیارێتییەکانی پۆلیسی نەوجەوانان لە ژێر چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە دایە، دادوەری لێکۆڵینەوەش هەڵدەسێت بە ڕابەرایەتی کردن و ڕێنوێنی کردنیان لە جێبەجێ کردنی ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە نەوجەوانان بە شێوەیەکی گونجاو. بەشێک لە لێپرسراوێتیی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بریتییە لە چاودێری کردن و دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی یاسایی بڕیار و ڕێکارەکان، لە لایەکی تریشەوە دەکرێت لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەن کە کاریان لەگەڵ دەکەن بە مەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی سەرپێچی یاخود کەموکوڕیی لە بە ئەنجام گەیاندنی کار و بەرپرسیارێتییەکانیان دا و پاشان ڕووبەڕووی (المحاكمة الانضباطية) یان بکەنەوە.

ئەفسەرانی پۆلیسی نەوجەوانان دەکەونە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی داواکاری گشتییەوە کە بەپێی ماددە (٧/ دووەم) لە یاسای داواکاری گشتی مافی پشکنینی بنکەکانی دەست بەسەرکردن و بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانانی هەیە بە شێوەیەک کە نابێت هەموو مانگێک دووجار کەمتر بێت و ڕاپۆرتی تایبەت بەو سەردان و پشکنینانە ئامادە دەکات و ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکات.

دادوەری لێکۆڵینەوە دەتوانێت پۆلیسی نەوجەوانان ڕاسپێرێت بە جێبەجێ کردنی بەشێک لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە ناویان دا پشکنین و گەڕان لە شوێنی ڕووداوەکە و جۆری تری لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بەبێ تۆمارکردن و وەرگرتنی وتە و دانپێدانان. لەم بارەدا پۆلیسی نەوجەوانان دەبێت سەرجەم تۆمار و ڕاپۆرت و نوسراوە تایبەتەکان بە لێکۆڵینەوە و هەر بەڵگەنامە و نووسراوێکی تری تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە هەبێت ڕادەستی دادوەری لێکۆڵینەوە بکات.

بە ئاگاداری و لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خۆی دا، دادوەری لێکۆڵینەوە دەتوانێت یەکێک لە لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان ڕاسپێرێت کە بگوێزێتەوە بۆ بنکەی

پۆلیسی نەوجەوانان یان هەر شوێنێکی تایبەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوانان دا یاخود بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ڕێکارێک لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە کە لە ڕووی یاساییەوە ڕێپێدراو بێت.

دادوەران هەمیشە دەبێت بنەمای بەرژەوەندی باڵای نەوجەوانانیان لەبەرچاو بێت لە کاتی جێبەجێ کردنی هەر بڕیارێکدا، لە بنچینە سەرەکییە گرنگەکانی جێبەجێ کردنی بنەمای " بەرژەوەندی باڵای نەوجەوانان" ئەمانەی خوارەوەیە:

بڕیارەکانی تایبەت بە دەست بەسەرکردنی نەوجەوانان، دەبێت تەنها لە کاتی نەبوونی بژاردەی تر و لە سەختترین حاڵەتدا پەنای بۆ ببرێت وەک دوا بژاردەی بەردەست و پێویستە بنەمای پێویست لەبەردەستدا بێت. هەر لەو ڕووەوە دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە لە دەرئەنجامی هەموو سەرپێچی و پێشێلکارییەک ، نەوجەوان دەست بەسەر نەکرێت و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکرێت، تەنها و تەنها لە کاتی ئەنجام دانی تاوانی گەورە (الجنايات والجنح)دا و بە پێی (ماددەی ٥٢ لە یاسای چاودێری نەوجەوانان) نەوجەوان دەستبەسەر بکرێت ، پاشان پشکنین و هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی بۆ ئەنجام بدرێت ، پاش تەواو بوونی کاری نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی لەگەڵ نەوجەواندا پێویستە بە بارمتە (کفالە) ئازاد بکرێت.

زامن کردنی بارودۆخێکی لەباری وا کە لە چوارچێوەی دا نەجەوانان لە ڕووی دەروونی و هزری و جەستەییەوە بپارێزرێت.

- تا ئەوپەڕی توانا.هێشتنەوەی نەوجەوان لەگەڵ خێزان و لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی دا،

- لە کاتی دەسگیرکردنی نەوجەوان دا دەبێت خێزانەکەیان بە زووترین کات ئاگادار بکرێتەوە و هۆکاری ڕاگرتن و دەسگیرکردنەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

- نابێت پێش ئەوەی نەوجەوان ئاگادار بکرێتەوە کە مافی ئەوەی هەیە پارێزەرەکەی ئامادە بێت لەکاتی پرسیارلێکردن و لێکۆڵینەوەدا، لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت. لە کاتێکدا کە پارێزەری خۆی ئامادە نەبوو ئەوا دەبێت پارێزەری تایبەتمەند بە دۆسێی تاوانی بۆ دەست نیشان بکرێت .

HEARTLAND
ALLIANCE
INTERNATIONAL

### ٢- ڕۆڵی داواکاری گشتی:

- ئەرکی سەرەکی داواکاری گشتی بریتیە لە پاراستنی خێزان و منداڵ
- پۆلیسی نەوجەوانان لەژێر سەرپەرشتی داواکاری گشتیدا کارەکانی ئەنجامدەدات ئەم مافەی پێدراوە بە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی خۆی بەپێی مادەی ٧/بڕگەی دووەم لە یاسای داواکاری گشتی تایبەت بە پشکنینی بنکەکانی ڕاگرتن و بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانان بەشێوەی دەوری بەجۆرێک لە دوو جار کەمتر نەبێت لە مانگێکدا، پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەبارەیانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

- داواکاری گشتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چاودێری کردنی چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانان دا، لە لێپرسراوێتییەکانی پۆلیسی نەوجەوانان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا ئەمانەی خوارەوەن:

پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دادوەرانی لێکۆڵینەوە و سەردان کردنی بەردەوامی بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانان بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە جێبەجێ کردنی ڕێکارە یاساییەکان و مامەڵەی دروست لەگەڵ نەوجەوانان دا.
- پیادەکردنی دەسەڵاتی یاساییان بە پێی ماددەکانی ٢ و ٧ لە یاسای داواکاری گشتیی ژمارە ١٥٩ ی ساڵی ١٩٧٩، لە جوڵاندنی هەر سکاڵایەکی یاسایی لە کاتێکدا ئەگەر باوەڕی پتەو و تەواو هەبوو بەبوونی ئەشکەنجە یاخود خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان دا.
- کاراکردنی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی لە ژێر ڕۆشنایی بایەخ و گرنگی ئەو ڕاپۆرتانەی کارمەندانی ئەم نوسینگەیە ئامادەیدەکەن و هەروەها کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی دادگای نەوجەوانان ، بە پێی ماددەی ٦٢ی یاسای پاراستنی نەوجەوانان کە لە دەقەکەیدا هاتووە: " دادگای نەوجەوانان بڕیاری خۆی لە داواکەدا دەردەکات بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نەوجەوانان لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی تایبەتی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی".

## سێهەم، ڕۆڵی دادوەرانی لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان لە کاتی مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دۆسێی نەوجەوانان دا.

دادوەری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و هەر ئەویش چاودێری یەکەمی زامنکردنی مافەکانی نەوجەوانان و پاراستنی پێشێلکاری. ئەم ڕۆڵە گرنگەی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بنەڕەتی و گرنگە و بەپێی کەمی تەمەنی نەجەوان و بە ڕەچاوکردنی نزمی ئاستی هۆشیاری و هەست کردنیان بەرامبەر بەو کارانەی ئەنجامیدەدەن ئەم ڕۆڵەیان دەگێڕن. لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئامانجی یاسادانەر(المشرع)دا دەگونجێت کە بریتییە لە جێبەجێکردنی بنەما ڕێکارییەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان کە پەیوەندیدارە بە چۆنێتی لەبەرچاوگرتنی دۆخی نەوجەوانان لە قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی داوا سزاییدا.

هەربۆیە، یاسادانەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بەڕێوەچوونی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە دەبەخشێت بە دادوەری لێکۆڵینەوە – وەک بنەمایەکی گشتی- (بەپێی ماددەی ٥٢/آ لە یاسای ڕێکارەکانی دادگاییکردنی سزایی) لەژێر چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوەدا نەبێت، (لێکۆڵەرەوە) (محقق العدلی) بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵناسێت. ئەمەش خۆی لە خۆی دا یەکێکە لە سەرەکیترین ڕێکارەکان لە دادوەری نەوجەوانان دا بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە پێشێلکاریی مەترسیدار بەرامبەر بە مافەکانی نەوجەوانان و هەروەها یارمەتیدەرە لە بونیادنانی دۆسێی داوا یاساییەکان لەسەر بنەمایەکی یاسایی دروست و پاشان کەم کردنەوەی ئەگەری بە هەڵە تاوانبارکردنی نەوجەوانی بێتاوان و تۆمارکردنیان لەناو سیستەمی دادپەروەری بە شێوەیەکی فەرمی بەبێ بوونی بەڵگە و بنەمای یاسایی تەواو، تا ئەگەری لەکەدارکردنی ناوبانگی کۆمەڵایەتی خۆیان و خێزانەکانیان ڕوونەدات.

بەپێی ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێدرا، پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا:

- پشکنینێکی زۆر ورد و گشتگیر بۆ ڕاستییەکانی ئەو کەیسە بکات کە لەبەردەستی دایە
- هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان و بەڵگە و داواکارییەکان بکات، بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستییان، دەرەنجام هێشتنەوەی ئەو بەشانەی بنەمای یاساییان هەیە و باوەڕ بە ڕاستی و دروستییان دەکرێت و لابردنی ئەو بەشانەی لە ڕووی یاساییەوە کەموکوڕی وخەوشیان هەیە.
- دڵنیابوونەوە لە دروستی دانپێدانانەکانی نەوجەوان و ئەو بارودۆخەی تیایدابووە، کە ڕووبەڕووی هیچ جۆرێک لە فشار و زۆرلێکردن نەبوونەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتەی نەوجەوان تۆمەتبارکراوە بە کەیسی مەترسیداری وەک کردەوەی تیرۆریستی ، تیوەگلان لە بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر، لەشفرۆشی یاخود بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە. زۆرجار نەوجەوانان لەم جۆرە کارانەدا تێوەدەگلێن بەبێ ئەوەی درکیان بە

خۆیان کردبێت و ئاگاداربن یاخود بڕیارەکەیان بە سەربەستی خۆیان بووبێت، بەڵکو قوربانیی بە سەربازکردنی زۆرەملێ و چەوساندنەوە لەلایەن گروپ و ڕێکخراوە تاوانکارەکانەوە بوون، لەم بارودۆخەدا نەجەوانان لەبری ئەوەی کەسانی تاوانکاری ئازادی بەئەزموون بن، قوربانی دەستی بارودۆخێکن کە تیایدا بە بێئاگا تێوەگلاون و لە سروشتی ئەو کارەی ئەنجامییان داوە ئاگادار نین.

## هەندێک لەو ڕێکارانەی کە دادوەرانی لێکۆڵەرەوە دەبێت لە کاتی بەڕێوەچوونی کەیسی نەوجەوانان دا و بە مەبەستی زامن کردنی پاراستنیان جێبەجێیان بکەن:

### ١-دڵنیابوون لە بنەماکانی بەرپرسیارێتی سزایی(المسؤولية الجزائية) و(ڕێکارەکانی تایبەت بە مەودای جوڵاندن و بەرزکردنەوەی داوای یاسایی _ أحكام التقادم) هەروەها ( تایبەتمەندی پیشەیی_ الاختصاص الوظيفي:

- دەستەبەرکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرپرسیارێتی سزایی: بە تایبەت هۆشیاری یاسایی ودرک کردن و ئازادی بڕیاردان، دڵنیابوونەوە لەو کەیسانەی بەهای یاساییان تیادا نییە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری و ئاگایی و ئازادی بڕیاردان و نەبوونی ئەوەی پێی دەوترێت "ڕێگریەکانی هەبوونی بەرپرسیارێتی سزایی " (ماددەی ٤٧/ یەکەم لە یاسای چاودێری نەوجەوانان، ماددەی ٢ لە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠١ ی یاسای دیاری کردنی تەمەنی بەرپرسیارێتی سزایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا )

نەبوونی ئاگایی و هۆشیاری (ماددەی ٦٠ ی یاسای سزادانی عیراقی)

لە دەست دانی ویستی تاکەکەسی (زۆرەملێ - الإكراه) و (ماددەی ٦٢ی لە یاسای سزادان)

- حالة الضرورة – بارودۆخی ناچاری ( ماددەی ٦٣ی یاسای سزادان).

ڕەچاوکردنی ماددەی (٦) لە یاسای ڕێکارە سزاییەکان (یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی) ی پەیوەست بە لە دەست دانی مافی تۆمارکردنی داوای یاسایی لەو تاوانانەدا کە بەرزکردنەوەیان دەکەوێتە دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لەو ڕۆژەوە کە کەسی قوربانیی بەو تاوانەی زانیوە کە دەرهەقی کراوە و یاخود پاش نەمانی هۆکاری (العذر القهري) کە ڕێگر بووە لە تۆمارکردنی داوای یاسایی.

بەلەبەرچاوگرتنی ماددەی ٧٠ ی یاسای چاودێری نەوجەوانان پەیوەست بە مافی جوڵاندنی داوای یاسایی و ڕێکارەکانی تایبەت بە مەودای بەرزکردنەوە و جوڵاندنی داوای یاسایی، وەک دوو بەشی دانەبڕاو لە یاسای گشتی کە نابێت بە هیچ شێوەیەک بنەماکانیان پێشێل بکرێن.
بەلەبەرچاوگرتنی ماددەکانی ٤٨ و ٤٩ ی یاسای چاودێری نەوجەوانان تایبەت بە پەیوەستکردنی ڕێکاری لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوانان لەلایەن پۆلیسی نەوجەوانان و دادگای لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان بەوپێیەی دوو لایەنی پیشەیی تایبەتمەندن بەو کارەوە و نابێت وەک ڕێکارێکی گشتی پێشێل بکرێن.

## ٢ـ پشکنین و وردبینی لە کەیسەکانی ئەشکەنجە و خراپ مامەلەکردن

بەپێی بچوکی تەمەنیان و هەروەها لاوازی و کەمی و سنورداری ئاستی هۆشیارییان بەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجامیدەدەن، نەوجەوانان بە یەکێک لە گروپە لاوازەکان لەقەڵەم دەدرێن، ئەمەش وایان لێ دەکات لە گروپەکانی تر زیاتر ڕووبەڕووی خراپی مامەڵەکردن ببنەوە، ئەگەر مامەڵەی خراپ بە کردار بێت یاخود بە گوفتار، وەک ترساندنیان بە ئازاردانی خۆیان یاخود خێزانەکانیان لە بەرامبەر پێدانی زانیاری بەزۆر، هەربۆیە ملکەچی تۆقاندن دەبن و زانیارییەک دەبەخشن کە ڕەنگە ڕاستیش نەبێت،
لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا، دادوەرانی نەوجەوانان ناچاردەبن بە جێبەجێ کردنی ئەمانەی خوارەوە:

پێویستە دادوەران کەیسی نەوجەوان لە دادگادا بە تایبەتی و بە ئامادەبوونی خودی نەوجەوان خۆیان بەڕێوەببەن، بەبێ بوونی هیچ جۆرێک لە کۆت و بەند ، تێبگەیەندرێن کە نەوجەوان لەبەردەم دادوەرێکی تایبەتمەندی سەربەخۆ و بێلایەن وەستاون کە بەرپرسیارێتییەکەی بریتییە لە دۆزینەوەی ڕاستی بابەتەکان ، و ئامانجی بریتییە لە چاکسازی و چاودێری کردن نەک سزادان، لە پێناو جێبەجێ کردنی ڕێکارە دەستوورییەکان وچەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

دادوەر دەبێت دەرفەتی قسەکردن بدات بە نەوجەوان و سەرپەشتیار و نوێنەری نەوجەوان بە ئازادی لەبەردەم دادگادا ووتەی خۆیان بڵێن، کاتی پێویست و کەشی لەبار و گونجاوییان بۆ دەستەبەر بکات تا بتوانن ئاماژە بە سەرجەم وردەکاری و ڕاستییەکانی ناو کەیسەکە بدەن و بتوانن بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

نەوجەوان بخەنەڕوو، بەپێی مافی پارێزگاری لە خۆکردن کە لە یاسا و ڕێسا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان دا وەک مافێکی بنچینەیی پیرۆز ئاماژەی پێدراوە.
دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت تەندروستی (جەستەیی و دەروونی و هزری) نەوجەوان بپشکنێت. ئەگەر دادوەر یاخود دادوەری لێکۆڵینەوە گەییشتنە ئەو باوەڕەی کە دەکرێت سوود لە ئەنجامی پشکنین وەربگیردرێت وەک بنەمایەکی پیشاندانی ڕاستیی، ئەوەش پێش دەست پێکردنی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، دەتوانن لەو ڕێگەیەوە سوود لە کارمەندانی نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی وەربگرن، یاخود هەر شارەزایەکی تر کە پێویست بە شارەزایی هونەرییان بکات، بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستی ڕووداوەکان.

دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت پرسیار لە نەوجەوان بکات ئاخۆ لە قۆناغەکانی پێش لێکۆڵینەوە دووچاری هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی خراپ مامەڵەکردن بۆتەوە یاخود نا.

ئەگەر نەوجەوان دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاگادارکردەوە کە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن بووەتەوە و ئاسەواری ئەشکەنجە بە ڕوونی بە لەشییەوە دیار بوو، ئەو کاتە دەبێت دادوەری لێکۆڵینەوە لە دۆسێی لێکۆڵینەوەدا جێگیری بکات و ڕاستەوخۆ نەوجەوانەکە پیشانی پزیشکی تایبەتمەند بدات تا پشکنین بۆ باری تەندروستی و جەستەیی بکات و جۆری ئاشکەنجەکە و ئەو ئاسەوارانەی لەسەرجەستە و باری دەروونی جێیان هێشتووە دیاری بکات و چارەسەری پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێت.

ئەگەر نەوجەوان دانی نا بەو ڕاستییەدا کە تووشی خراپی مامەڵەکردن بووەتەوە و وتەکانی لەژێر فشاردا و بەزۆرلێ وەرگیراوە، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجە بە لەشیەوە دیار نەبوو، ئەو کاتە دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت لێکۆڵینەوە لە ڕاستی ئەم سکاڵایە بکات ئەویش لە ڕێگەی کارکردن بە دوو ئاڕاستە:

- ئاڕاستەی یەکەم بریتییە لەوەی نەوجەوانەکە پیشانی لیژنەی تەندروستی تایبەتمەند بدرێت بە مەبەستی ئەنجام دانی پشکنینی ورد بۆیی و پاشان ڕاپۆرتێکی گشتگیر لەو بارەیەوە ئامادەبکرێت و بدرێت بە دادوەری لێکۆڵینەوە.
- ئاڕاستەی دووەم بریتییە لە لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی پێش ئامادەکردنی لەبەردەم دادگادا مامەڵە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەوجەواندا

کردووە، وە هەردوولا لەگەڵ یەکتری ڕووبەڕووبکرێنەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی تۆمەتەکانی نەوجەوانەکە و پاشان جێبەجێ کردنی بڕیاری گونجاو لەو بارەیەوە.

### ٣- ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی نەوجەوان لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەدا

دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت ڕەچاوی سەرجەم مافە دەستوورییەکانی پەیوەست بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی دادپەروانە لەگەڵ نەوجەوان دا بکات، لە سەرەتاییترینیان بریتییە لە تێگەیاندنی نەوجەوان بە مافە یاسایی و دەستوورییەکانی کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- نابێت داوای نەوجەوانان ڕەوانەی دادگا بکرێت بە بێ ئامادەبوونی خۆی لەبەردەم دادگا، هەروەها نابێت گشتادن بۆ فەرمانی دەستگیرکردنی بکرێت بەسەر بازگە و خاڵە سنوورییەکان.

مافی هەڵبژاردنی بێدەنگی لە بەرامبەر ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی دەکرێت و پەیوەندییان بە تاوانبارکردنەکەیەوە هەیە.

مافی دیاری کردن و هەڵبژاردنی ئەو پارێزەرەی کە خۆی دەیەوێت، بە ئازادی، یاخود ڕێگادان بە سەرپەرشتیار/ بەخێوکەر/ و کەسوکارەکەی یاخود نوێنەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ببنە بەرگریکار بەبێ ئەوەی پێویست بە نوسراوێکی فەرمی بۆ (بریکارنامە) بکات پێی ماددەی ٦٠ ی یاسای پاراستنی نەوجەوانان.

ئەگەر سەرپەرشتیاری نەوجەوان پارێزەری بۆ دیارینەکرد یاخود یەکێک لە کەسە نزیکەکانی هەڵنەستا با بەرگریلێکردنی لەبەردەم دادگا ئەوا دادگا پارێزەرێکی شارەزا و لێهاتووی بۆ هەڵدەبژێرێت تا نوێنەرایەتی بکات لە دادگادا و ببێتە پارێزەری کەیسەکەی. پارێزەری دەستنیشان کراو دەبێت تا ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە گەڕ لە پارێزگاری کردن لە بریکارە نەوجەوانەکەی بەوشێوەیەی لە یاسادا ئاماژەی پێدراوە، دەبێت شێوازی پارێزگاری لێکردنەکە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و تەواو بێت، نابێت کورتبڕ و ناتەواو بێت و ئامادەبوونەکەی لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و بە ڕووکەش بێت.

ڕێگەدان بە پارێزەر کە بە ئازادییەوە هەستێت بە ئەنجامدانی کارەکەی، بۆ نمونە ئازادی لە پەیوەندی کردن و کۆبوونەوە و بینینی بریکارەکەی لە کەشێکی لەبار

و نهێنی دا و ڕێزگرتن لە بنەماکانی ڕووبەڕووکردنەوە و گفتوگۆ و پرسیارکردن لە شایەتی بەرگری و شیاياتی دژ.

دەبێت ئەو کەسەی بە پارێزگاریکردن لە نەوجەوان هەڵدەستێت، واتا ئەوانەی کە خۆیان پارێزەرنین و شارەزا نین، ڕوونکردنەوەیان بدرێتێ کە مافی تانەدانیان لە بڕیارەکانی دادگادا هەیە لەبەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری باڵاتردا.

نەوجەوانی تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە دۆسێیەکەی بە خێرایی و بەبێ دواکەوتنی بێ هۆ و بێبنەما لە دادگادا دانیشتنی بۆ بکرێت.

### ٤- ڕێکارەکانی ڕاگرتنی نەوجەوانان

دادوەر نابێت پەنا بباتە بەر ڕاگرتنی نەوجەوانان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا تەنها لەسنورێکی بەرتاسکدا نەبێت کە هیچ ڕێگەچارەیەکی تر لە بەردەست دا نەبێت، بۆ نمونە:

- ئەگەر مەترسی هەڵاتنی نەوجەوانەکە لە ئارادا بوو.
- یاخود ئەگەرئازادکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە دروستکرد.
- یاخود ئەگەرئازادکردنی نەوجەوانەکە ببێتە مایەی دروستبوونی مەترسی لەسەر ژیانی.

**هەر لەم ڕووەوە، پێویستە ئاماژە بدرێت بە گرنگی جێبەجێ کردنی ماددەی ٥٢ لە یاسای چاودێری نەوجەوانان، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە نەوجەوان دەکرێت ڕابگیرێت ؛ وە چۆنێتی جێبەجێکردنی بڕیاری ڕاگرتنەکەی بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:**

- له ئەنجامی ئەنجامدانی سەرپێچی (مخالفة) دا، نەوجەوان بە هیچ جۆرێک نابێت **رابگیرێت**.
- ڕاگرتنی نەوجەوان لە تاوانی جۆری کەتن و تاوانەکان ڕێگەپێدراوە ئەویش بە مەبەستی ئەنجامی دانی پشکنین و ئەنجامدانی توێژینەوەی کەسێتی نەوجەوان، یاخود لە کاتێکدا (کفیل) ی نەبوو.
- ڕاگرتنی نەوجەوان ڕێگەپێدراوە بەو مەرجەی تاوانێکی ئەنجامدابێت کە سزاکەی لەسێدارەدان بێت و تەمەنی نەوجەوانەکە (١٤) ساڵی تێپەڕاندبێت.
- لە هەموو بارودۆخێکدا، دەبێت بڕیاری ڕاگرتنە کەی لە (خانەی تێبینی) ی تایبەتمەند بەو بوارەوە جێبەجێ بکرێت، لەو شوێنانەشدا کە (خانەی تێبینی)ی تێدا نییە، ئەوا دەبێت ڕێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر تا نەوجەوانە دەستگیرکراوەکان لەگەڵ ڕاگیراوی - گەوران دا تێکەڵ نەکرێن. لەو کاتانەشدا کە (کفیل)ی نەوجەوانەکە نەیتوانی ئامادە بێت، دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت دڵنیابێت لەوەی لە ژووری تایبەت بە خۆیان دا بیانهێڵنەوە.

- ئامانج لە ڕاگرتنی نەوجەوان بریتییە لە پشکنین و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی نەوجەوان، پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە پاش تەواو بوونی ڕێکارەکانی پشکنین بەپێی ماددەی (٥٢) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان بڕیاربدات بە ئازادکردنی کەسی نەوجەوان.

- دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود لێکۆڵەرەوەی داد دەبێت لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوان دا ئەنجام بدەن، ئەوەش پاش دڵنیابوون لە کەسێتی نەوجەوانەکە و ئاگادارکردنەوەی لەو تاوانەی کە ئاڕاستەی کراوە بەپێی دەقی ماددەی (٢٣/آ) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی.

- بەوپێیەی ئامانج لە ڕاگرتنی نەوجەوانان لە کەیسەکانی تاوان و کەتن دا کە سزاکانیان لەسێدارەدان نییە بریتییە لە تەواوکردنی پرۆسەی توێژینەوەی کەسێتی نەوجەوانی تۆمەتبار، هەر بۆیە نابێت ماوەی ڕاگرتنەکەی درێژبکرێتەوە تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە نەیتوانی(کفیل) ئامادە بکات.

- نابێت ڕابگیرێت ئەو نەوجەوانەی تۆمەتبارە بە کەتن کە سزاکەی دەستگیرکردنە بۆ ماوەی سێ ساڵ یان کەمتر یاخود سزاکەی پێ-

بژاردنه(غرامة) ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی زانراو بوو و کەسێک هەبێت ببێتە (کفیل)ی ، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود دادگا باوەڕی وابوو لەسەر بنەمای بوونی هۆکاری گونجاو بە هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی یاخود سەلامەتی جەستەیی یان دەروونی نەوجەوانەکە.

### ٥- پاراستنی نهێنی و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی - الحفاظ على السرية والخصوصية

بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کەیسەکانی نەوجەوانان و جیاوازییان لە کەیسەکانی گەوران، یاسادانەر پێداگری دەکات لەدیاریکردنی کۆمەڵێک زەمانات بە شێوەیەک کە تەنها ماف دەدات بەو لایەنانەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوان ئەنجام دەدەن بتوانن تەماشای زانیاریەکانی تایبەت بە نەوجەوانان بکەن، ئەویش لە چوارچێوەیەکی زۆر سنووردار و بەرتەسکدا، ئەمەش وا لەو کارمەندانە دەکات کە لە دادوەری نەوجەوانان دا کاردەکەن ڕەچاوی ئەم بابەتە بکەن، بە تایبەت گرتنە بەری ڕێوشوێنی تایبەت و پێویست بە مەبەستی زامنکردنی نهێنی زانیاریەکان لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و دانیشتنەکانی دادگاییکردنی نەوجەوانان و پاراستنی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە نەوجەوانان.

- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵا و وەک جێبەجیکردنێک بۆ ماددەی ٥١ لە یاسای چاودێری نەوجەوانان، دادگای نەوجەوانان دەتوانێت نەوجەوان ئامادە نەکات بۆ بەردەم دادگا لە تاوانەکانی پەیوەست بە ئاکارو ئادابی گشتی، بۆ بەدوور گرتنی نەوجەوان لە گوێبیستبوون بە دەستەواژەی پەیوەست بە ئاکارو ئادابی گشتی.

### ٦- نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی - مكتب دراسة الشخصية

نووسینگەکانی توێژینەوەی کەسێتی پێکهاتەیەکی سەرەکی هەموو دادگایەکە لە دادگاکانی نەوجەوانان و یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی دۆسیەی نەوجەوانان، وە بەشداری پێکردنیان لە بەڕێوەچوونی دۆسێکانی تاوان دا بە پێویستیی (وجوبی) لە قەڵەم دەدرێت و لە دۆسێی کەتن دا بە ڕێگەپێدراو(جوازي) دادەنرێت. دەکرێت ڕۆڵی کاریگەر ببینن ئەگەر بە باشترین شێوە بەگەڕ بخرێن لە یارمەتیدانی دادوەران تا بتوانن دۆسێکانی نەوجەوانان بە شێوەیەکی کاراتر و چالاکتر ڕابپەڕێنن – لەو ڕووەوە دادوەرانی لێکۆڵینەوە دەبێت ڕەچاوەی ئەم بابەتانەی خوارەوە بکەن:

- ڕاسپاردنی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی بە ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی و ژیری و دەروونی بۆ دۆخی نەوجەوانان، لە کەیسی تاوانی مەترسیداردا، دادوەر دەبێت سەرجەم ئەو داتا و زانیاریانەی لەبەردەستدایە دەربارەی نەوجەوانەکە، ڕەوانەی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی بکات بە مەبەستی ئامادەکردنی شیکارێکی ورد و تەواو و هەروەها بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە لەوبارەیەوە کە ڕەنگە دەرەنجامی باشی هەبێت لە دۆسێکەدا.
- دڵنیابوونەوە لەوەی نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ نەوجەوانی تۆمەتبار لە رووی کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی هەروەها دیاری کردنی مەودای هەبوونی پەیوەندی بە تاوانی ئەنجامدراو، پاشان دیاری کردنی ڕیوشوێنی(تدبیر) ی پێشنیارکراو بۆ چارەسەر، ئەم ڕێوشوێنە ئەنجامدەدرێت پێش رەوانەکردنی ۆ دادگای نەوجەوانان هەتا دادوەری لێکۆڵینەوە زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی بارودۆخی نەوجەوان پێش رەوانەکردنی و هۆکارەکانی ڕۆیشتنی بەرەو کردەوەی تاوانکاری و پەرتەوازەبوون.

- بەدواداچوون بۆ کارەکانی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی و دڵنیابوون لە ئەنجامدانی کار و بەرپرسیارێتییەکانیان بەپێی ڕیسا و ڕێنماییەکان و ئاگادار کردنەوەیان لەو کەموکوڕییانەی بەدیدەکرێن لە کاتی ئەنجام دانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان هەتا لە داهاتوودا دووبارە نەکرێنەوە.

- کاراکردنی ئامادەبوونی بەردەوامی پزیشکی هەموو جۆرە پسپۆریەکان و بەو شێوەیەی کە لە یاسای چاودێری نەوجەوانان دا هاتووە، ڕێگەخۆشکردن بۆیان کە بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە بڕیار بدەن و تەنها بە ئامادەبوونێکی ڕووکەشی قاییل نەبن.

- بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوە بە مەبەستی سوودبینین لە ڕاپۆرتەکانی نووسینگەی توێژینەوەی کەسێتی ، ئەوەش بە ئەنجامدانی تێژینەوەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی بۆ دۆخی نەوجەوانان بۆ سەرجەم کەیسەکانی تاوانی بە ئەنقەست جا ئەگەر کەتن یان تاوان بێت ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییەی ڕاپۆرتەکانی نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی هەیەتی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی کەیسەکانی تاوان لە رووی ڕێکاری و بابەتیەوە لە داوا سزاییەکاندا، بۆ یارمەتیدانی لە ناساندنی حاڵەتەکانی لادان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی، هەروەها هاوکاریکردن لە دیاری کردنی باشترین ئامراز لە چۆنێتی دوورکەوتنەوەی لە کردەوەی تاوانکاری لە داهاتوودا.

### چوارەم:ڕۆڵی داواکاری گشتی لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە دەگیرێتەبەر لە بەرامبەر نەوجەوانان:

**بەوپێیەی داواکاری گشتی ڕۆڵی چاودێر دەبینێت بەسەر ڕیوشوێن و بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە .لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، لەبەرئەوە پێویستە ڕۆڵی کارا و چالاک بکەێ لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

- پێویستە ئامادەیی هەبێت لەو ڕێوشوێنانەی کە لە لێکۆڵینەوەی کەیسی نەوجەوانانی تۆمەتباردا دەگیرێتە بەر بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە دروست بەڕێوەچوونی ئەو ڕێکارانەی کە گیراونەتەبەر بەپێی یاسا.
- بەشداریکردن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەمەش لەڕێگەی ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم ئەو ڕێکار و بڕیارانەی گیراوەتەبەر لە کەیسەکە و نوسینی ڕاسپاردە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە بەوشێوەیەی کە بە پێویستی دەبینێ بۆ خستنەڕووی ڕاستی لە کەیسەکەدا و خێرا کۆتایی پێهێنانی.
- چاودێریکردنی نەوجەوان لەکاتی ڕاگرتندا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازیدا بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن لەلایەن بنکەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی.
- ئامادەبوونی داواکاری گشتی پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی لێپێچینەوە لەگەڵ نەوجەوانی تۆمەتبار بۆ دڵنیابوونەوە لە هەبوونی ئازادی تۆمەتباری نەوجەوان لەکاتی لێکۆلینەوە و دەستەبەرکردنی مافی بەرگری لەخۆکردن.
- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە دڵنیاکردنەوەی لە گرنگی ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند لە کاتی هەبوونی گومان لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نەوجەوانی تۆمەتبار بە ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن.
- تانەدان لە بڕیار و ڕێوشوێنەکانی دادوەری لیکۆڵینەوە ئەگەر پێچەوانەی یاسا بوون، ئەمەش بەشێوەی (طعن التميزی)، بەدواداچوونی چۆنێتی جێبەجێکردنی بڕیاری پێداچوونەوەکە ئەمەش لە کاتێکدا بڕیار یان ڕیکارەکە هەڵوەشێنرایەوە.
- پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ڕێگای (تدخل التميزی) پەیوەست بە بڕیار و ڕێکارە دەرچووەکان لە کەیسەکەدا ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر ماوەی طعنی تميزی بەسەرچووبێت.

### پێنجەم، ئەو پێوەر و ڕێکارانەی کە دەبێت ڕەچاوبکرێن لە کاتی تۆمەتبارکردنی نەوجەوانان بە ئەنجامدانی تاوانی مەترسیدار.

تاوانە تیرۆریستییەکان لە مەترسیدارترین جۆری ئەو تاوانانەن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە دەوڵەت و کۆمەڵگە و قوربانییەکانیان بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو خۆیان دەدەن لە سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوان.  گروپە تیرۆریستییەکان هەزاران منداڵیان خستووەتە ڕیزەکانیانەوە وبەزۆرەملێ بەسەربازیان کردوون و لە کارە تیرۆریستییەکانیان دا بەکاریان دەهێنن؛ ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە ئاشکرا شکاندنی هەموو یاسا و پێوەرە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکانە.
هەر بۆیە، بەبێ کەمکردنەوە لە مەترسی ئەو تاوانانەی ئەو گروپە تیرۆریستیانە بۆ سەر ئاساییشی نیشتمانی و سەقامگیری کۆمەڵگە و پێکهاتەی نیشتمانی هەیانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە ئاماژە بەوە بدەین کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەو نەوجەوانانە زیاتر لەوەی تاوانبار بن، قوربانی دەستی هەڵخەڵەتاندن و بەکارهێنانی دەستی گەورەکانن کە پێداویستی و کەمدەرەتانییان بەهەلزانیوە و قاییلیان کردوون کە لەو کارە نایاساییانەوە تێوەبگلێن. ئەم ڕاستییەی ئاماژەمان پێ کرد دەبێت لەلایەن دادوەران  بەهەند وەبگیردرێت - چەند خاڵێک هەیە کە لە خوارەوە بە کورت ئاماژەمان پێداوە و دەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو نەوجەوانانەدا بە هەند وەربیگرن:

### 1 - زامنکاریە پەیوەندیدارەکان بە دۆسێی کەیسی رەوانەکراو بۆ دادگای تایبەتمەند (محكمة الموضوع)

دادگای تایبەتمەند دەبێت وردبینی بکات لە دۆسێی ئەو کەیسەی لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەوە بۆی رەوانە کراوە، ئەوەش بە مەبەستی: دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵ نەوجەوان دا ئەنجام دراون و زانینی ئەوەی تا چەند ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان دروست و تەواو و ڕوونن و ئاخۆ دەکرێت لە بڕیاردان دا پشتیان پێببەسترێت.
دەستەبەرکردنی زامنکاریە بنەڕەتییەکان(الضمانات الأساسية) بۆ نەوجەوانی تۆمەتبار لە کاتی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە لەگەڵی دا بە تایبەتی گریمانەکانی تایبەت بە مافی دەست نیشان کردنی پارێزەری تایبەت بە خۆی و مافی ئامادەبوونی پارێزەری خۆی یاخود ئەو پارێزەرەی دادگا بۆی دابین کردووە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەدا.

- دادگای تایبەتمەند(محكمة الموضوع) دەكرێت نەبوونی پێشینەی تاوانی تۆمەتباری نەوجەوان بە هۆیەک لە هۆیەكانی پیشاندانی بەزەیی دابنێت لەكاتی دەركردنی بڕیار یان دیریكردنی جۆری سزا.

دڵنیابوون لە بارودۆخیی كۆمەڵایەتی و ڕەوشی دەروونی نەوجەوان و خێزانەكەی و تا چ ڕادەیەک خێزانێكی پتەو یاخود لێكترازاون، ئەمەش لەرێگەی پشت بەستن بە ڕاپۆرتەكانی نوسینگەی توێژینەوەی كەسێتیەوە بەوپێیەی ڕۆڵێكی زۆر گرنگ دەبینن لە دەركردنی بریار لە دۆسێی نەوجەوانی تۆمەتباردا.

## 2 - گریمانە پەیوەندیدارەكان بە لێكۆڵینەوەی دادوەری و و دادگاییكردنی نەوجەوانی تۆمەتبار

پێویستە دادگای تایبەتمەند لە كاتی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردنی تۆمەتباری نەوجەوان دا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكات:

پەیوەست بوون بە بنەمای وابەستە بوونی دادگا بە سنورەكانی دادگاییكردنی سزایی لە ڕووی كەسێتی و بابەتییەوە، بە واتای ئەوەی نابێت هیچ كەسێكی تر جگە لەو نەوجەوانەی كەیسەكەی ڕەوانەی دادگا كراوە دادگایی بكرێت، هەروەها دەبێت تەنها لەسەر ئەو كردەوە تاوانكاریە دادگایی بكرێت كە بۆ دادگای تایبەتمەند ڕەوانە كراوە.

پەیوەست بوون بە بنەمای زارەكی لە لێكۆڵینەوەی دادوەری و دادگایی كردن دا، بە واتایەكی تر دەبێت گوێ بیستی سەرجەم ووتە وشایەتیدانەكان بن و بە دەنگێكی ڕوون وبیستراو لە ناو هۆڵی دادگادا شایەتیەكانیان لێوەربگیرێت ، هەتا نەوجەوان و پارێزەرەكەی بتوانن گفتوگۆی لەبارەوە بكەن.

پشت نەبەستنی تەنها بە خوێندنەوەی ووتە و شایەتی (الإفادات والشهادات)ی پێشتر وەرگیراو بەو شێوەیەی لە یاسادا ئاماژەی پێدراوە، بەڵكو دڵنیابوون لە پێویستیی ئامادەبوونی شاێەتەكان خۆیان و ئەو كەسانەی وتەیان لێ وەرگیراوە و گوێگرتن لە وتەكانیان بە شێوەی زارەكی و ڕووبەڕوو لە هۆڵی دادگادا.

پشت نەبەستن بە بەڵگەیەک كە پێشتر گفتوگۆی لەسەر نەكراوە یاخود لە دانیشتنەكەدا ئاماژەی پێ نەدراوە.

پشت نەبەستن بە زانیاری خودی، بەڵكو هانابردن بۆ بیروڕای كەسانی شارەزا لەو بوارە تایبەتی و هونەرییانە دا كە پێویستیان بە ئەزمون و شارەزایی هەیە،

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

ئەوەش بە مەبەستی پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ نەوجەوانەکە.
پەیوەست بوون بە بنەمای پاراستنی نهێنی دانیشتنەکانی دادگای نەوجەوانان و بڵاونەکردنەوەی هەر زانیارییەک کە ببێتە هۆی ناسینەوە و پیشاندنانی ڕەوشی تایبەتی خودی نەوجەوانەکە و خێزانەکەی.
گونجاندنی ( تكييف ) ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵ نەوجەوان بە پێی گونجاندنی یاسایی وورد (تكيفا قانونيا دقيقا)، ڕوون کردنەوەی سروشتی ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ نەوجەوان و پارێزەرەکەی بە زمانێک کە هەردووکیان لێی تێدەگەن، دەرفەت دان بە نەوجەوان تا بتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات و ماوەیەکی گونجاوی بدرێتێ ئەگەر داوای کرد.
دەستەبەرکردنی مافی پارێزگاریلێکردن(حق الدفاع) بۆ نەوجەوان و ئاگادارکردنەوەی خۆی و سەرپەرشتیارە یاساییەکەی بەم مافە - لە کاتێک دائەگەر بەخێوکەر/ سەرپەرشتیارە یاساییەکەی پارێزەری بۆ نەوجەوان دابین نەکرد پێویستە دادگا پارێزەرێکی تایبەتی بۆ دابین بکات.
دەستەبەرکردنی بارودۆخی لەبار و گونجاو بە هەبوونی پەیوەندی تەواو لە نێوان تۆمەتباری نەوجەوان و پارێزەکەیدا، پێویستە زامنی نهێنیپارێزی و تایبەتمەندی ئەوپەیوەندیە بکرێت.
بەو پێیەی دەکرێت ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە پارێزگاری کردن لە نەوجەوان لە دادگادا پیشەی پارێزەر نەبێت، بۆیە دادگا پێویستە لە کاتی دەرکردنی هەر بڕیارێک بەسەر نەوجەوان دا خۆی و پارێزەرەکەی بە باشی لە ڕێوشوێن و وادەی تانەدان لە بریاری دادگا ئاگادار بکەنەوە.
نابێت گونجاندنی یاسایی (تكييف القانوني) بۆ کەیسەکانی نەوجەوانانی تۆمەتبار بە بە کەیسی تیرۆر و دەستدرێژی سێکسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و هەرکەیسێکی مەترسیداری تر بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بابەتانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:

- نەژاد، نەتەوە، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئایین، کەمئەندامێتی، لایەنگیریی بۆ لایەنگیری سیاسی یان بیروباوەڕ.
- هەبوونی هەر جۆرێک لە پەیوەندی یان هەست وسۆز کە بارگاوی بێت بە سروشتێکی تایبەتیی لە نێوان کەسی خاوەنبڕیار بەرامبەر بە کەسی تۆمەتبار یان کەسی تاوانلێکراو یاخود هەر کەسێک کە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا بەشداربوو بێت.

- ئەگەری هەبوونی سوودمەندبوون یان زەرەرمەندبوونی سیاسی دژ بە حکومەت یاخود گرووپێکی دیاری کراو یان هەر حزبێکی سیاسی.

- بەهەند وەگرتنی باری ئابوری و سیاسی یاخود هەر هۆکارێکی تر بە هۆی ڕای گشتییەوە لە ئارادا بێت، دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەژاران و ئەو کەسانەی کە دەرفەتی کەمتریان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە خاوەن دەسەڵاتن یاخود ئاستی داراییان باشە بەهەمان شێوە بکرێت و بە یەکسانی تەماشا بکرێن.

### شەشەم، ڕۆڵی دادوەرانی دادگای نەوجەوانان لە قۆناغی دادگاییکردن دا.

- پشکنینی گونجاندنی یاسایی (التكييف القانوني) و دڵنیابوونەوە لە دروستی ئەو تاوانەی ئاڕاستەی نەوجەوان کراوە و ئەو هۆکارانەی لەسەری بونیاد نراوە و ئەو بەڵگە و زانیاریانەیانەی پشتی پێبەستراوە هەروەها هێشتنەوە یاخود گۆڕینی بەپێی ڕێکارە بنەڕەتییەکان، ئەوەش لە کاتێکدا ئەگەر ئەو هۆکارانە لەبەردەستدا بن کە پشتی پێبەستراوە.
- هاندانی نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی (مكتب دراسة الشخصية)بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە دۆسێی ئەو نەوجەوانەی کە لە قۆناغی دادگایی کردندایە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پیشەیی دەربارەی بەجۆرێک کۆمەڵێک ڕاسپاردەی ڕوون لەخۆبگرێت کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاستەقینەی کەیسەکە بێت.

- لەبەرچاوگرتنی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی(مكتب دراسة الشخصية) لە کاتی دەرکردنی بڕیای دروست دەربارەی نەوجەوانی لادەر.

- پێدانی ڕۆڵ بە خێزان و ڕابەرانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی گوێ گرتن لە بیروڕا و پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان بە تایبەتی لەو بڕیارانەدا کە پەیوەندییان بە ڕادەست کردنی نەوجەوانەوە هەیە بە سەرپەرشتیارەکەی.

- زامن کردنی مافی نەوجەوانی تۆمەتبار ودەستەبەرکردنی سەرجەم پێویستییەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە.

- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەوجەوان لە کاتی دەرکردنی بڕیار لەبارەیەوە، بۆیە پێویستە:

- دوور کەوتنەوە لە پەنابردن بۆ ئەو سزایانەی دەبنە هۆی سنووردارکردنی ئازادییەکان تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە هیچ بژاردەیەکی تر لە بەردەستدا نەبێت لە پێناوی بەرژەوەندی منداڵەکە.
- دوورنەخستنەوەی منداڵی نەوجەوان لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و هێشتنەوەی لەگەڵ خێزانەکەی دا.
- کەمکردنەوەی سزا بۆ کەمترین ئاست سزادان لە دۆسێی نەوجەوانان دا، وەک بەشێک لە دەسەڵاتی (تەقدیری) دادوەر.

- فراوان کردنی بەکارهێنانی دەسەڵاتی (تەقدیری) دادوەر، پەیوەندیدار بە چاودێریکردنی ڕەفتار.

### حەوتەم: ڕۆڵی داواکاری گشتی لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا:

بەوپێیەی کە ناکرێ دانیشتنی دادگاییکردن سازبدرێت بە بێ ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی بەپێی (مادەی ٩ لە یاسای داواکاری گشتی) هەروەها بەو پێیەی داواکاری گشتی نوێنەرایەتی رای گشتی دەکات هەروەها چاودیرە بەسەر باش بەڕیوە پرۆسەی دادگاییکردن، هەربۆیە پێویستە لەسەر ئەندامنی داواکاری گشتی دانراو لەبەرددەم دادگای تایبەتمەند هەڵبستێت بە کارانەی لای خوارەوە:

- ووردبینیکردن لە دۆسێی رەوانەکراو بۆ دادگای تایبەت بۆ دڵنیابوونەوە لە درووستی رێوشوینە وەرگیراوەکان و دروستی بڕیارە دەرچووەکان تیایدا ودڵنیابوونەوە لە تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لە دۆسێکەدا و پراکتیزەکردنی مافی تانەدان لە بڕیاری دەرچوو، بە ڕەوانەکردنی بەڕێگەی طعن تمیزی یاخود تدخلی تمیزی بەپێی حاڵەتەکان، لە حالەتێکدا ئەگەر پێچەوانەی یاسا بێت یان لە کاتی هەبوونی کەم و کوڕی لە دۆسێی لێکۆڵینەوە لەڕووی ڕێوشوێنەکان بێت یاخود بڕیارەکان.

- دڵنیابوونەوە لە ناردنی ئاگادارینامە(تبليغ) لەناو دۆسێکەدا بەشێوەیەکی دروست و بەپێی یاسا و ئەمەش بە ئامانجی دڵنیابوون لە ئامادەبوونی هەموو لایەنەکانی داوای سزایی و شایەتەکان لە وادەی دیاریکراودا بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن.
- ئامادەبوون لەسەرجەم دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوەی دادوەری و دادگاییکردندا هەروەها پراکتیزەکردنی مافی خۆی لە ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی داوای سزایی و شایەتەکان بەشیوەی زارەکی و ئاڕاستەکردنی پرسیار و ڕوونکردنەوەی پێویست بەشێوەی ڕاستەوخۆ.
- جەختکردنەوە لە بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی دادگاییکردن بە شێوەی نهێنی بەمەبەستی پاراستنی شکۆی نەوجەوانەکە و کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی ئەگەری دووبارە گەڕانەوە بۆ تاوان.
- پابەندبوون بە پێویستی ئامادەبوونی سەرجەم لایەنەکانی داوای سزایی و شایەتەکان بەشیوەیەکی تایبەت و پێویستی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵیاندا بەشێوەی زارەکی بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستی ئەو زانیاریانەی کە لە ناو وتەی شایەتەکاندا هاتووە هەروەها هەڵسەنگاندن و نرخاندنی لەڕووی بابەتی و کەسێتیەوە.
- چاودێریکردنی چۆنێتی بەڕێوەچوونی کەیسەکە لە قۆناغی لیکۆڵینەوە بەجۆرێک مافی لایەنەکانی داوای سزایی مسۆگەر بکات بەتایبەت نەوجەوانی تۆمەتبار لە وەرنەگرتنی ڕێوشوێنی نایاسایی لە بەرامبەری و زامنکردنی مافی لە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەربارەی ئەو بەڵگانەی خراونەتە ڕوو لە دۆسێکەدا، مافی لە وەرگرتنی بەڵگەی ووتەیی بە ئازادییەکی تەواو هەروەها زامنکردنی مافی لە بەرگریکردن و مافی دادگاییکردنی بە خێرایی.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە دادگا بە مەبەستی بەهەند وەرگرتنی هەر ڕێوشوێنێک کە بە پێویست دەزانرێت یاخود دەرکردنی هەر بڕیارێک کە یارمەتی خێرا کۆتاییهێنان بە داواکە دەکات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
- تانەدان لەو بڕیار و حوکمانەی دەردەکرێن لە داواکاندا، ئەگەرهاتوو لەسەر بنەمای سەرپێچی لە یاسا یان هەبوونی هەڵە لە جێبەجیکردن یاخود شیکردنەوە یاخود هەبونی هەڵەیەکی جەوهەری لە ڕێوشوێنە سەرەتاییەکان یان بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگە یان لەبەرچاوگرتنی سزا ئەگەرهاتوو هەڵەکە کاریگەری هەبوو لەسەر حوکمەکە.

**کۆتایی:**

بەوپێیەی یاسادانەر تەمەنی نەوجەوان و نائاگایی لەبەرچاوگرتووە لە کاتی دانانی یاسای چاودێری نەوجەوانانی عیراقی ژمارە ٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣ ئەمەش بە ئامانجی ئاشکراکردنی هۆکارەکانی لادانی نەوجەوان و وەرگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی دەروونی و جەستەیی نەوجەوانان.

بەوپێیەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی نەوجەوانان دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانە بێت کە یاسادانەری عیراقی لە یاسای چاودێری نەوجەواناندا بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە کەیسی نەوجەوانی تۆمەتبار هەروەها بنەما بنەرەتیەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و تانەدان لەو حوکمانەی کەلە یاسای رێکارە سزاییەکانی عیراقیدا هاتووە ژمارە ٢٣ ساڵی١٩٧١ ی هەموارکراو.

هەربۆیە ئامانجی ئەم ڕیبەریە بۆ وەبیرهێنانەوەی پۆلیسی نەوجەوانان و داواکاری گشتی و دادوەرانە بە ڕێسا تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن لەگەڵ تۆمەتباری نەوجەوان بەمەبەستیبەشداریکردن لە ئاشکرا کردنی راستی کردەوە تاوانکاریەکەی کە خراوەتە پاڵی هەروەها زانینی ئەو هۆکارانەی کە پالنەربوون بۆ نەوجەوان بۆ ئەنجامدانی کردەوەکە و وەرگرتنی ریوشوێن و دارکردنی بڕیاری گونجاو بەجۆرێک کە بگونجیت لەگەڵ بارودۆخی نەوجەوانان ئەمەش بە شێوەیەک کە خزمەتی چۆنێتی چارەسەرکردنی لادانی نەوجەوانان بکات و دووریانبخاتەوەلە ناوەندی تاوانکاری داوایان لێبکات بەشێوەکی دروست رەفتاربکەن.